خوێندنەوەیەکی ئابوورییانە بۆ خـ

# لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلـ
# نیشتمانی و هۆشیاری سـ

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان و دەست پێکردنی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەو کێبرکێ و بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ململانێ سیاسی و حزبییەکان لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستاندا توندو تیژتر دەبن، هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردنی کوردستانی جیاوازە بگرە لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشووی عێراقیش لە٢٠٠٥ جیاوازە، بەوەی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەعێراقێکی نائارام و نادیموکراتییەت و ناشەفاف و گەندەڵ بەهەڵبژاردنێکی چارەنووسساز دادەنرێت. گەر بێتوو ئەم هەڵبژاردنە بەیەکگرتوویی و هۆشیاری سیاسییەوە بەڕێ نەکرێت، ڕەنگە هاوکێشەکان بەجۆرێك بگۆڕدرێن لەبەرژەوەندی کوردو سەرجەم گەلی کوردستانی نەبێت. لیستە عێراقییەکان سەرقاڵی هاوپەیمانییە گەورەکانن و لەماراسۆنی کۆگرتنەوەی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانن، بۆ ئەم مەبەستەش بودجەی گەورەیان ئامادەکردووەو حکومەتی عێراقی و وڵاتانی بیانی لەپشتیانەو هاوکاری و یارمەتییەکی دارایی گەورەیان لەبەردەستدایە کەبەملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆنموونە تەنیا خەرجییەکانی ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات لە٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە٧٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا لەکاتێکدا دەکرا بە ١٥ ملیۆن دۆلار ڕێکبخرایە، لیست و قەوارە سیاسییەکانی دژ بەکورد بەو پارە زۆرە توانیویانە چەندین دەنگی کورد لەناو کۆنە بەعسییەکانی موسڵ و دیالە و بەغدا بکڕن و گەمەیەکی هەڵبژاردنیان دژ بەدەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەست پێکردووە، لەپێناو کەمکردنەوەی دەنگەکانی کورد و لاواز بوونی پێگەی کوردو نەتەوەو مەزهەبەکانی تری کوردستان لەبەغدا. لەناوخۆی هەرێمیشەوە هەرچوار لیستە کوردستانییەکە تاکو ئێستا دەرنەکەوتووە لەم هەڵبژاردنە دەتوانن ئەو هاوسەنگی و یەکڕیزییە بپارێزن کەلەپەرلەمانی ئێستای عێراقدا پێی ناسراون و دوژمنانی کوردستان گرەو لەسەر تێکدانی دەکەن و پارەو داهاتێکی باشی بۆ دەبەخشنەوە، ئەم لیستانە گەرچی تاکو ئێستا بەتەواوی و شەفافییانە بودجەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام بەپێی هەموو مەزەندەو خەمڵاندنەکان بودجەیەکی گەورەیەو ڕەنگە زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بێت، بەوپێیەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کەلە ٢٥ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو، بڕی ٣٧ ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ تێچوونی کاروباری ئیداری و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکە تەرخانکرا، لەکاتێکدا لیستەکان و حزبەکان تێچوونێکی گەورەتریان خەرج کرد، ڕاستە ئەرکی سەرشانی حکومەتە لەبودجەی ڕێکخستنی هەڵبژاردن بڕە پارەیەکی تەرخانکراویش بدات بە لیستەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و گەیاندنی



# ـــەمانی عێراق پارە لەپێناو ئینتمای ـــیاسی خەرج دەکرێت؟

بەرنامـــەو کارەکانیـــان بـــۆ هاوڵاتییـــان، ئەم ئاراســـتەیەش لەســـەرجەم وڵاتانی پێشکەوتوو پەیرەو دەکرێت و، یارمەتی لایەنە بەشداربووەکان دەدرێـــت بـــۆ رێکخســـتنی کاروبارەکانـــی بانگەشـــەکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی دەنگـــدەران تاوەکو بەنا بـــۆ تەمویلی بیانی و پارەی ناشـــەرعی نەبرێت، لەم روانگەیەوە چەند پرسیارێك خۆی دێنێتە پێشەوە: **ئایا خەرجکردنی ئەم پارە زۆرەی میللەت لەپێناو چی دایە؟ ئایا ناکرێت لە پرۆســـەیەی ئەمجـــارەی هەڵبژاردن بەخەرجکردنـــی پارەیەکی کەم دەســـتکەوتێکی گەورە بۆ کوردستانی بوونمان بەدەست بهێنین؟، لەئەنجوومەنـــی نوێنەراندا وەکـــو کوتلەیەکی بەهێز بمێنینەوەو کاندیدە کوردســـتانییەکان لەو ١٣ پارێزگایەو لەدەرەوەی وڵاتیش کەبەشـــداری هەڵبژاردن دەکەن زۆرترین کورســـی لەپەرلەمان بەدەست بهێنن؟** ئایا تەرخانکردنی پارەی رادەبەدەر بۆ کاندیدەکان ئامانجی پێچەوانەی لێناکەوێتەوە؟ پارەو دەنگ کڕین و دەنگ فرۆشتن لەم پرۆسە گرنگەدا هەڵبژاردنێکی ناسروشتی و ناخاوێنی لێناکەوێتەوە؟ باپارە خەرجکردن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و هۆشـــیارکردنەوەی هاوڵاتییان بێت، لەپێناو پێشخســـتنی پرۆسەی دیموکراتی و پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەی کوردو، بەرزکردنەوەی ئاســـتی ئینتمای نیشتمانی و هۆشیاری تاکی کوردســـتانی پرۆســـەی هەڵبژاردنەکە بەرێوە ببەیـــن، لەعێراقێکدا کەبەرەو رەگەزپەرســـتی و حیزبی توندڕەوو گروپی شـــۆڤێنیزمی دەچێت و دژ بەمافەکانـــی گەلـــی کوردســـتانن. ئەم راپۆرتە لەروانگەیەکی ئابوورییەوە بۆ پرۆسەی هەڵبـــژاردن دەڕوانێت و لایەنە سیاســـییەکەی بۆ کەســـانی سیاســـەتمەدار بەجـــێ دەهێڵین، هەرچەنـــدە لەگۆڕەپانـــی عێراقـــدا زەحمەتە سیاســـەت و ئابـــووری لێکجیـــا بکرێنەوە، لە سەرجەم قۆناغەکانی هەڵبژاردن( بانگەشەکردن- رێـــکلام- پروپاگەنـــدەی لیستەکان-پرۆســـەی هەڵبژاردنەکـــە..) دژی خەرجکردنی پارە نین بۆ پرۆســـەکە، گەر لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پـــارە بەباشـــی و لەپێناو نەتـــەوە وڵات خەرج بکرێـــت و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردســـتان و دانیشـــتوانەکەی لەبیر نەکەین، ئەوا پێمان باشە لەساڵێکدا دوو هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

## دیموکراتی پارە خەرجکردن نییە لەپێناو هیچ دا !

لەهەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراقدا زۆربەی جار نەریتێك دروســـت بوو ئەویش گۆڕینی ئینتمای خەڵکی بوو بـــۆ ئینتمای مـــاددی و حزبی. لەعێراقدا ئەو هەمـــوو پارەیە خەرج دەکرێت بۆ فێربوونـــی دیموکراتی نییە بەڵکو بۆ بێزاربوونی خەڵك و گەندەڵییە، ئەوەتا دوای ئەو هەڵبژاردنانە عێراق گەیشـــتۆتە چی ئاســـتێك؟ لەزۆربەی بوارەکاندا بارودۆخەکەی پێش هەڵبژاردن باشـــتر بووە لەدوای هەڵبژاردن، کەواتە خەرجکردنی ئەو پـــارە زۆرەی هەڵبژاردن بۆ چی یە؟ دیموکراتی پـــارە خەرجکردن نییە لەپێناو هیچ دا بالیســـت و قەوارەو حزبە سیاســـییەکانی کوردســـتانیش ئەو تەجروبە خراپەی عێـــراق دووبارە نەکەنەوە، لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو بۆ پەرلەمانی کوردستان پارە بۆ لێدان و کەوتنە سەروگوێلاکی حکومەت و یەکتـــر خەرجکـــرا، زۆرجاریش ســـەرچاوەی ئەو پارانە دیار نەبوو، بەرادەیەك کار گەیشـــتە ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان دەزگای ئیعلامی گەورە بەتایبەتی سەتەلایت بەخش بکەن، ئەوەتا لەســـایەی ئەو ململانێیەدا پتر لە ٦١٤ میدیای بیســـتراوو بینراو گوێبســـتمان هەیە و گەر ئەم بارودۆخە ناسروشتییەی راگەیاندن بەراورد بکەین بەتوانای بەرهەمهێنانی نبشـــتمانی و داهاتی نەتەوەمان ئەوا ئەو راســـتییەمان بۆ دەردەکەوێت لەزۆر وڵاتی جیهانی زیاتر خاوەنی سەتەلایت و کەناڵی ئاسمانین، حزب هەیە ئەوەندە بچووکە خاوەنی سەتەلایت و یەك دوو تەلەفزیۆنی ناوخۆیی دیکەو دەیان کەناڵی



سیـــاسـی

گوڵان

دیکەی ڕاگەیاندنن، کاتێکیش پرسیاریان لێدەکرێت وادەزنن خەڵکی ناشارەزایەو دەڵێن بەکۆمەك و یارمەتی لایەنگران و دۆستانمان لەدەرەوە هاوکاری دەکرێین، خۆیان لەو ڕاستییە دەشارنەوە کە هیچ سەرمایەدارێکی ڕاستەقینە ئامادە نییە بەشداری لەکەناڵێکی ڕاگەیاندن بکات کەخزمەت بەبەرژەوەندی گیرفانی نەکات، لایەنگران و ئەندامانیش لەکوردستاندا بەهاوتای داهاتی تاکەکەسی عێراق و هەرێمەکە خاوەنی ئەو داهاتە زۆرە نین تاوەکو بۆ پرۆژەی خێرخوازی و یارمەتی کەسوکاریان خەرجی بکەن ئاراستەی ئەو کەناڵانەی سەتەلایتی بکەن کەزۆریەی جار بەشەرە جنێوو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری توندو تیژی ناسراون، وابزانم بەئیشی ڕەشی هەندەران و (لەگەڵ بوونی شوێنەوارە خراپەکانی ئەو قەیرانە داراییەی جیهان) لایەنگرانی هەندەران توانای ئەو یارمەتییەیان نەماوە پێشتریش ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی بووە. پێویستە سەرچاوەی پارەی حزبەکان و لیست و قەوارەکان بزانرێت و تەنانەت بزانرێت کاندیدەکان چۆن پارە خەرج دەکەن؟ چونکە ئاشکرا نەکردنی سەرچاوەی پارەکان مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی هەیە بەتایبەت کاتێك بەپارەیەکی کەمی وڵاتانی دەوروبەرو بیانی کەسەکان و گروپ بگرە حزبێکیش لەو ڕێیەوە لەخشتە دەبرێت و بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئێستاکە گەمەکە گۆڕدراوە لەبری جینۆسایت و لەشکرکێشی بۆ کڕینی لایەنگرو هێزی سیاسی چووە، بەتایبەت لەهەرێمێکدا کەتاکو ئێستا پێناسەی تەواوی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان نییە و خاوەنی دەستوورو کیانێکی سەربەخۆ نین. پێمان خۆشە پارە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان خەرج بکرێت، خەڵکی فێر بکەین بەرژەوەندی گشتی لامەبەست بێت پێش پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی، باپارەکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵخەڵەتاندن و دەنگ کڕین نەبێت، هەروەکو چۆن لەعێراق چەندین هەڵبژاردن ئەنجامدرا، کەچی بارودۆخەکە پێش هەڵبژاردنەکە باشتر بوو، باخەرجی و تێچوونی هەڵبژاردنەکان لەپێناو هۆشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پێشکەشکردنی پرۆژە و بەشداری زۆرینەی هاوڵاتییان بێت، ڕەنگە ئاسان بێت خەڵکی هانبدەین بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان لەپێناو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی تری هاوڵاتییانی کوردستان لەعێراقێکی وێران و پڕ لەبوغزو دژایەتیکردن، بەڵام قورسە پێی بڵێین دەنگ بەفڵان و فیزار قەوارەو لیست و لایەن بدە. لەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە پێویست بەهزرو عەقڵییەتی کراوە دەکات و، گرنگە دوو خاڵ لەیەکتر جیا بکەینەوە، پارەو بوودجەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەپێناو بەرژەوەندی کوردستان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتماو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی یە نەك بۆ چەسپاندنی لەناوبردنی دیموکراسی، پارە سەرف نەکرێت بڵێین فڵان حزب و لایەن خراپن لەکاتێکدا ئەو حزب و بزووتنەوەیە خۆیان خاوەنی یەك پرۆژە نین.

گەلی کوردستان لەبەردەم مەسەلەیەکی چارەنووسسازدایە، هەڵبژاردن پەیوەندی بەهاوڵاتییانی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردەوە هەیە، پەیوەندی بە نەوت و سامانی گشتی و بەشە بودجەو پێشمەرگەو ئارامی هەرێمەکەوە هەیە، ئەمانەش هەمووی کەم یان زۆر دەرژێتە ناو بەرژەوەندی خەڵکەوەو گەمەی لەسەر ناکرێت . یەك دەنگی کوردو زامنی بەشداریکردنی زۆرینەی هاوڵاتییان لەم هەڵبژاردنەدا ڕێگا کردنە لەگەڕانەوەی دیکتاتۆری زۆرینەی عەرەبی شیعەو سوونە لەسەر حسابی کوردو کەمینەکان و گەیشتنی ژمارەیەك لەپاڵێوراوەکانی بەعسی بۆ کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقی، لەم هەڵبژاردنەدا ئەگەر پارت و لیست و قەوارە سیاسییەکان پارە بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێك بەکارنەهێنن لەپێناو ئینتمابوون بۆ نیشتیمان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییانی کوردستانی، ئەوا کورد لەبەغدا لاواز دەبێت و کاردانەوەی خراپ و کاریگەریشی لەسەر هەرێمی کوردستان و خودی تاکەکان دەبێت، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هاوڵاتییان لەکوردستاندا هەست بەبەرپرسیاری بکەن و بەشداری پرۆسەی سیاسی و ئایندەی عێراق و کوردستانیش بکەن.

## هەڵبژاردنێک بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردستانی لەبەغدا

هەڵبژاردنی ٣/٧ی ئەمساڵ جیاوازە لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ساڵی ڕابردوو کەلەهەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، ئەم هەڵبژاردنە گرنگە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەعێراقێکدا کەتازە بەتازە بەرەو دیکتاتۆری و تاکڕەوی و ململانێی ئیتنی و تائیفی دەڕواتەوە، ئەو عەقڵییەتەی ئێستا لەبەغدا هەیە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ عەقڵییەتی بەعس و سەدام، بەو پێیە بەعسییەکان و عەقڵییەتی ئێستای سیاسی لەبەغدا لەیەك شتدا یەك دەگرنەوە ئەویش چۆنیەتی دژایەتیکردنی کوردو سەرکردایەتییەکەیەتی، لەمەشدا وڵاتانی دەوروبەرو هێزە سیاسییەکان ڕۆڵیان لەهاندان و پشتگیریکردنی ئەو دژایەتییە هەبووە، هەر زوو وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کەوڵاتانێك لەناوچەکەدا هەوڵی دەستێوەردان لەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەدەن، ژمارەیەك لەپەرلەمانتارانیش داوای ئاشکراکردنی سەرچاوەی تەمویلی حزب و خەرجییەکانیان کردووە بگرە زۆر لەو حیزبانەی خۆیان بەئۆپوزسیۆن ناودەبەن لەعێراقدا پارەو یارمەتی داراییان لەدەرەوە بۆ دێت..

کوردستانییەکان پێویستە یەك دەنگ بن و یەك هەڵوێست بن لەپێناو گەڕاندنەوەی ناوچە کوردییەکان



بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەستیارانە ئەمجارە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکەن، دەبێت بەهەستیارییەوە بڕوانێتە ئەم پرۆسەیە. کاتێك حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەچوار لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن ( هاوپەیمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، گۆڕان، کۆمەڵ ) و بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێ دەکەن گرنگە ئەو پارەی لەم هەڵبژاردنە خەرج دەکرێت لەپێناو مەسەلە نەتەوەیی و ئینتما بۆ نیشتمان بێت، نەك بۆ شکاندنەوەی یەکترو رەخنەگرتنی بێ بنەماو تانەو ناوزڕاندن و کوشتنی هەستی نیشتمان پەروەریی، کاتێك سەرۆکی کوردستان داوای یەکگرتوویی هەموو هێزە کوردستانییەکانی کردوو، بەرژەوەندی گەلی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی دانیشتووانی ئەم هەرێمەی لەبەرچاو گرت بەتەواوی ئاین و نەتەوەو مەزهەب و گروپی جیاوازەوە. ئەم پەیامە بۆ ئەوە بوو پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای تەندروست دروست بێت و هەموو هێزو لایەن و توانا داراییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی تەواوی مافەکان بێت، ئەمە بەو واتایە نایەت کەلە بانگەشەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن رەخنە پشتگوێ بخرێت، چونکە هەرێمی کوردستانیش وەکو تەواوی ناوچەکانی تری دنیا بێ کێشەو کەموکورتی نییە، گوێگرتنیش لەرەخنە بارودۆخەکەمان بۆ پێشەوە دەبات، بەڵام بەمەرجێ ئەم رەخنانە لەسەر بنەمای زانستی و بێت و لەمەرامی سیاسی دوور بێت . کاتێك باس لەبەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان دەکەین ئالێرەدا دەردەکەوێت کەبەشداری لەهەڵبژاردنەکان جگەلەوەی مافێکی ئاسایی و سروشتی خۆی جێبەجێ دەکات هاوکات دۆزە نەتەوەیی و کوردستانییەکانی لەبەرچاوە کاتێکیش رەخنە دەگیرێت لەرابردوو ئێستا بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئایندەمانە.

باپارە خەرجکردن لەپێناو زیادکردنی مافەدیموکراتی و ئازادییەکان بێت و تەواوی پێکهاتە کوردستانییەکان لێکتر نزیك بکاتەوەو، هێزە سیاسی و جەماوەرییەکان بەگیانێکی نوێ رووبکەنە ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازەو ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان بپارێزن، هەڵبژاردنی ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ ی هەرێمی کوردستان بەهاتنە پێشەوەی ئۆپۆزسیۆن دەستکەوتێك بوو نەك بۆ ئەو هێزە سیاسی و بزووتنەوانە بەڵکو بۆ عەقڵییەتی سیاسی و دەسەڵاتی کورد کە ڕێگای بەو کرانەوەیە دا، گرنگە ئەو هێزانە ئەم دەستکەوتانە بپارێزن و بۆ مەرام و بەرژەوەندی تەسك و پروپاگەندەی خراپ بەکاری نەهێنن، بەڵکو بەشداریبوونیان لەپێناو کەرکوك و بەهێز کردنی سەنگ و دەسەڵاتی کوردستانی بێت لەبەغدا.

## با خەرجییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ موزایەدەی سیاسی نەبێت

لەهەرێمی کوردستان ئەرکی ئۆپوزسیۆنە بەهاوشێوەی دەسەڵات بۆ پتەکردنی هەستی ئینتماو هۆشیاری سیاسی پارە خەرج بکات و خاوەنی پرۆژەو رەخنەو سەرنجی تایبەتمەند بێت، رەنگە ئۆپۆزسیۆنی چالاك لەم خاڵەدا دەر بکەوێت و لەدژی دەسەڵاتی سیاسی خۆی ناخاتە سەنگەرێکی ترەوە کە رەنگە لەگەڵ نیشتمان پەروەری نەگونجێت واتە هاودژەکان لەخۆی دەردەکات.

تەمویلی بانگەشەکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن گرنگە شەفافیانە بێت و سەرچاوەکەی دیاریکراو بێت و بۆ رەخنەی واقیعانەو راست بەکاربهێنرێت و سەرچاوەی تەمویلی تێچووەکانی ئەم بانگەشەکردنەش دیاربێت، چونکە بەدیاریکردنی سەرچاوەکەی هەموو ئەو گومان و تۆمەتانە رەت دەکرێتەوە کەهێزە سیاسییەکان لەدژی یەکتری دەیدەن، بگرە ئەو پارەو بودجەیەش بەشێوەی سروشتی و راست و دروست لەپێناو بەشداری هاوڵاتییان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەو بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و هۆشیاری سیاسی خەرج دەکرێت، ئەوەتا هێزە سیاسییەکانی ناو عێراقیش هەمان کێشەیان هەیە موفەق رەبیعی هۆشداری دەستێوەردانی دەرەکی دا بەوەی لەهەڵبژاردنەکان تەمویل و پارەی دەرەکی هاتۆتە ناو عێراقەوە بەتایبەتی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ کە دەرئەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە دەبێت و پرۆسەی سیاسی عێراق دەشێوێنن، ئەم واقیعە لەهەڵبژاردنەکەی ٢٥ی تەمووزی ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستانیش دەرکەوت، لەهەڵبژاردنی پێشوو حزب و بزووتنەوەی بچووك کەناڵی سەتەلایتیان دامەزراندوو بوونە خاوەنی دەزگای ئیعلامی گەورە کەبەقەد دەزگا ئیعلامییەکانی حیزبە گەورەکان بوو، حیزب هەبوو بەقەد پارەی ساڵێکی خۆی پارەی بۆ کڕینی دەنگەکان بەخشییەوە، لافیتەو ئیعلاناتەکانیان پارەیەکی خەیاڵی لەپشت بوو، کەبۆ هۆشیاری و ئینتمابوون خەرج نەکرا بەقەد ئەوەی بۆ شەڕە جنێوو روشاندنی یەکترو خولانەوە لەناوبازنەیەکی داخراوی شەڕە ئیعلامی بەهەدەر درا. گەر هێزە سیاسییەکانی عێراقی مەترسییان لەسەرچاوەی ئەو تەمویلە دەرەکییانە هەبێت، ئەوا دەبێت کورد دووچار ئەو مەترسییەی هەبێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە دەسەڵاتی کوردستانی لەبەغدا کەمکرێتەوەو هەموو پێشهات و پێشبینییەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن، بۆیە تەمویلی عێراقیش بۆ کڕینەوەی دەنگە کوردستانییەکان هەیە ئەوەتا لەموسڵ کۆنە بەعسییە کوردەکان دەهێنرێنە پێشەوەو پارەیەکی خەیاڵییان لەبەردەستدایە، ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی دەنگی کورد، بەمشێوەیە ڕێزگرتن لەیەك پارچەیی عێراق تەنیا بیانوویەکە بۆ کەمکردنەوەی هێزو پێگەی کوردستان لەبەغدا.

## یەکخستنەوەی ماڵی خۆمان و پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان

گرنگترین فاکتەر بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردستانی لەبەغدا پاراستنی یەکگرتوویی یە دواتر تەوافوقە سیاسییەکانە کە یارمەتی کوردی داوە بۆ ئەوەی بەپەراوێز نەکرێت لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا، بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەش پێویستیمان بەزۆرترین دەنگی کوردستانییەکان هەیە، با ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەی کەمەزەندە دەکرێت لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن خەرجکرێت بۆ یەکگرتووی کوردستان و هۆشیاری خەرج بکرێت ودەیان پرۆژەی بەسوودی بێ بکرێتەوە، ٢٠٠ ملیۆن دۆلار ٦٠٪ی کێشەی لاوانی پێ چارەسەر دەکرێت و گەر بەشێوەیەکی ئابوورییانە خەرج بکرێت کەرتی نیشتەجێبوونیش دەچێتە قۆناغێکی باشترەوە، بارودۆخی کورد لەعێراقدا باش نییەو زۆر لەهاوکێشە سیاسییەکان یەکلانەکراونەتەوەو چەندین هێزی دژ بەکورد پەیدا بوون ئەوەتا لەدوای دەرچوونی لیستی حەدبا لەپارێزگای موسڵ و پشتگوێخستنی تەوافووق لە بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان لیستی برایەتی نەینەوا بایکۆتی ئەو ئەنجومەنە نوێیە کرد، تاکو ئێستا سەرانی لیست حەدبا پەروەردەو کردەوەی هزرو بۆچوونی حیزبی بەعسن، نارەزایەتییەکەی قەزای تلکێف و بەردبارانکردنەکەی خەڵکی وانکێ بەرامبەر هاتنی ئەسیل نوجێفی و دەستگیرکردن و تەقەکردنی هەڕەمەکیانەی پاسەوانەکان و ئەو رەگەزپەرستەو دەستگیرکردنی ژمارەیەك هاوڵاتی پەیامێکی گرنگە بۆ دەسەڵاتی کوردی و دانیشتوانی کوردستان. تاکو ئێستا رەفتارو کردەوەی بەرامبەر ناوچە کوردنشینەکان و رەفتاری دیکتاتۆری دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە.لەلایەکی ترەوە ئەگەری گەڕاندنەوەی بەعسییەکان هەیە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی عێراق،کەهەڵوێستی گەلی کورد و کوردستانییەکان بەهیچ شێوەیەك قبوڵی گەڕاندنەوەیان ناکەن، دەزگا هەواڵگرییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەبۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی عێراق پارەیەکی زۆر رەوانەی گروپە تیرۆریستی و لەناویاندا کۆنە بەعسییەکان کراوە دوور نییە لایەنی دەرەکیش پارەیەکی زۆر لەم پێناوەدا خەرج دەکات.

شەفافییەت لەسەرچاوەی تەمویلکردنی هەڵبژاردنەکان زامنی ئەوە دەکات پارە بۆ دەنگ کڕین و دەنگ فرۆشتن نەچێت بەقەد ئەوەی بۆ پتەوکردنی یەکریزی گەلی کوردو ئینتماو هۆشیاری خەرج بکرێت.